**رونکردنەوەیەک سەبارەت بە رۆژنامەی جەماوەر**

**رۆژنامەی جەماوەر لە ژمارە پەنجاوهەشتی خۆیدا لە ژێرناوی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە نێو ریزەکانی حزبی رزگاریی کوردستاندا، هەواڵێکی ناراستی بڵاوکردۆتەوە و وای دیارکردووە کە حزبی رزگاری تەمای چوونە ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی هەیەو سەبارەت بەم مەسەلەیەش ناکۆکی لە نێوان کادیرانی حزب و سکرتێری حزبی رزگارییدا هەیە، لەم پێوەندییەدا بە ستافی رۆژنامەی جەماوەر دەڵێین؛**

**سەرتاپای هەواڵەکە درۆیە و سەرچاوەی هەواڵەکەش هەر چ کەس و لایەنێک بێت بەمەبەستی چەواشەکارییەوە دارێژراوە، چونکە رۆژێ 1**

**لە رۆژان باس لەو مەسەلەیە نەکراوە تا ناکۆکی و رامانی جیاواز هەبووبێت**

**راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان خۆی لە خۆیدا رەتکردنەوەی واقیعی داسەپاوی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان بوو، کە بەرەو دوو 2-**

**تەوەرەیی تاو دەدراو مەرگەساتی شەڕی نێوەخۆش بە خشکەیی هەڕەشەی لە دەستکەوتەکانی راپەڕین دەکرد، بەڵێ لەو کاتەدا دەستەی کادیرانی نێو دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتن بە هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە پێیان لەسەر دیاردەی فرەحزبی داگرت و حزبی رزگاریی کوردستانیان راگەیاند و سەڵماندیان کە وورەی شۆڕشگێری لە پلەوپایەو زێدەمافی کەسێتی مەزن و پیرۆزترە، لەو کاتەدا کادیرو سەرکردەکانی رزگاری وێڕای تامی تامیکردنێکی زۆریشەوە راوەستاوانە درێژەیان بە کاروانی سەربەخۆخوازی داو نەیانهێشت بەیداخی کوردستان بێ خاوەن بمێنێ و سەنگەری سەربەخۆخوازیان چۆل نەکردو بەرە باوەشی زلهێزەکان نەچوون،**

**هەر لەسەرەتای راگەیاندنیەوە، حزبی رزگاریی کوردستان راشکاوانە بانگی لایەنە چەپ و سەربەخۆخوازەکانی کردووەوداوای لێکردوون 3کەبەرەو یەکبوون هەنگاوبهاوێژن و ریزەکانی خۆیان پتەوو بە هێزبکەن، بەلام حزبی رزگاریی کوردستان هەرگیز باوەڕی بەوەنیە کەلەگەڵ**

**لایەنە عێراقچیەکان بەرەو یەکبوون بڕوات و قەتیش بۆ مەسەلەگەلێکی وادا کارناکات**

**هەڵوێستەکانی دە ساڵەی رابردووی رزگاری نەک بە تەنیا مایەی شانازی و سەرفرازی کادیرانیەتی، بەڵکو مایەی شانازییە بۆ گەلی 4-**

**کورستان کە حزبێکی وەک رزگاری هەیە و سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆی دەپارێزێ و رامان و هەڵوێستەکانی خۆی بە نرخی رۆژ هەراج ناکات و بە پلەوپایەی کەسێتی نایانگۆڕێتەوە کە هەنووکە بۆتە مۆدیل و لایەنە دروستکراوو داتاشراوەکان بازرگانی پێوە دەکەن**

**حزبی رزگاریی کوردستان بە شاراوەیی کار ناکات و راشکاوانە لە مەیدانەکەدا ماوەتەوە و لەبەرامبەر گوشاری دەستەلاتدارانیشدا5-**

**چۆکی نەداوەو تەوای هەنگاوەکانیشی بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان خۆیا کردووە و بەرەو یەکبوون لەگەڵ لایەنە چەپ و سەربەخۆخوازەکانیش هەنگاوی کردەیی هەڵێناوەتەوەو بەردەوامیش دەبێت**

**لێرەدا لە ستافی رۆژنامەی جەماوەر دەپرسین؛**

**کام لایەنی سیاسی کورستان، لەماوەی دەساڵی رابردوودا بە وێنەی حزبی رزگاریی کوردستان نەترسانە هەڵوێستی نواندووەو باجی 1-**

**هەڵوێستەکانیشی داوە ؟؟ کام لایەنی سیاسی هەیە لەیەک کاتدا دوو فۆتۆکۆپی بۆ قووتکرابێتەوە؟؟بۆ سەبارەت بەو مەسەلەیە تەنیا**

**یەک دێڕتان نە نووسیوە؟؟**

**بۆچی تەنیا جارێک رۆژنامەی جەماوەر مافی بە خۆی نەداوە کە دان بەوراستییە بنێی و بنووسێت، حزبی رزگاریی کوردستان یەکەمین 2-**

**لایەنی سیاسی کوردستانیە کە دە ساڵ لەمەوبەرەوە دروشمی ریفراندۆمی بەرزکردۆتەوەو فەرهەنگی سیاسی کوردەواری پێ دەوڵەمەندکردووەو زۆربەی بۆچوونەکانیشی لە کردەییدا سەڵمێندراون؟؟**

**رۆژنامەی جەماوەر گەر بێ لایەنەو دەیەوێ راستیەکان بۆ خەڵک رۆشن بکاتەوە، دەبوایە بەر لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە3-**

**پرسی بە کادیرێکی رزگاری بکردبووایە و هەواڵەکەی سەر راست بکردبووایەوە، یان دیداری لەگەڵ سەرکردەیەکی حزبی رزگاری**

**بکردبووایە و بابەتەکەی بوروژانبووایە**

**سێبەری هەواڵی درۆ کورتەو لەگەڵ هەڵکشانی خۆرەتاودا دەسرێتەوەو رووی راستی هەواڵ و هەواڵچنەکان وەدیار دەکەوێ، لەو4-**

**کاتەدا لە کایەی راستوێژی و رۆژنامەوانیدا ستافی رۆژنامەی جەماوەر، رووزەرد دەمێننەوە، ناکرێ ستافی جەماوەر بیریان لێ نەکردبێتەوە**

10/12/2003

**دەزگای راگەیاندنی حزبی رزگاریی کوردستان**